## پێشەکی وەرگێڕ

لە نێوان هەموو ئەو هێزانەی ڕووخساری جیهانی نوێیان گۆڕیوە، سەرمایەداریی لەو دیاردانەیە کە کاریگەرییەکەی سنووری جوگرافیا و هەموو سەردەمەکانی تێپەڕاندووە. ئەم سیستەمە تەنیا گۆڕانی بەسەر شێوازی ئابووریدا نەهێناوە، بەڵکوو شێوازی ژیان، کار، بیرکردنەوە، پەیوەندیی نێوان مرۆڤی جیاواز و تەنانەت هومێد و ترسەکانی مرۆڤی هاوچەرخیشی بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕیوە یاخود دایڕشتووە. بۆیە تێگەیشتن لە مێژووی سەرمایەداریی، تەنیا خوێندنەوەی مێژووی سیستەمێکی ئابووریی نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی جیهانی ئەمڕۆی ئێمە.

کتێبی **«مێژووی سەرمایەداریی»ی مێژوونووس سڤێن بێکێرت، لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاواز و گلۆبالییەوە، ئەو بیرۆکە باوە ڕەت دەکاتەوە کە سەرمایەداریی تەنیا لە ئەورووپاوە وەک ئیدەیەکی نوێ سەری هەڵداوە و لەوێش بڵاوبووەتەوە. نووسەر ڕوونی دەکاتەوە سەرمایەداریی لە ئەنجامی پەیوەندیی و تێکەڵبوونی گەل و شارستانییەتە جیاوازەکان، بازرگانی، کۆیلایەتی، هێرشکاریی، کۆڵۆنیالیزم، داهێنان و کۆکردنەوەی سەرمایە، وەک تۆڕێکی گەورەی جیهانی گەشەی کردووە. لەم گێڕانەوەیەدا، مرۆڤی هەژاری بێ دەسەڵات، لەگەڵ بانکداران جیهانی و پیشەسازیی

پێشکەوتوو، هەر هەموویان بە بەشێکی گرنگ لە چیرۆکی خوڵقاندنی ئەم سیستەمەوە دەچەسپێنێت.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەندێک هێز هەن کە تەنیا ڕووداوەکان ناگۆڕن، بەڵکوو شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ، ڕێکخستنی کۆمەڵگا و مانای ژیانیش نوێ دەکەنەوە. سەرمایەداریی یەکێکە لەو هێزانەی کە لە سنووری سیستەمێکی ئابووری تێپەڕیوە و بووەتە دیاردەیەکی شارستانی. ئەوەی لە سەرەتادا وەک شێوازێک بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا و کۆکردنەوەی سەرمایە دەستی پێکرد، بە تێپەڕبوونی سەدەکان بوو بە هێزێک کە نەخشەی جیهانی گۆڕی، دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەکانی خوڵقاند و گۆڕانی بەسەر ڕووخساری ژیانی مرۆڤ لە هەموو گۆشەکانی ئەم جیهانەدا هێنا.

سەرمایەداریی تەنیا بازار نییە؛ زمانی بازارە. تەنیا پارە نییە؛ لۆژیکی پارەیە. تەنیا سیستەمێکی بەرهەمهێنان نییە؛ بەڵکوو شێوازێکە بۆ تێگەیشتن لە کات، کار، سامان و تەنانەت لە خودی مرۆڤ. لە ژێر کاریگەریی ئەم لۆژیکەدا، شتەکان بە نرخ پێوانە دەکرێن، کات بووەتە سەرمایە، کار بووە بە کاڵا و جیهانیش بۆتە بازاڕێکی بێ سنوور.

هیچ هێزێکی دیکە لە مێژووی نوێدا نەیتوانیوە بە ڕادەی سەرمایەداریی سنوورە جوگرافییەکان بشکێنێت. لە کاروانە بازرگانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا کەشتییە مەزنەکانی

سەردەمی کۆلۆنیالیزم، لە شۆڕشی پیشەسازییەوە تا شۆڕشی دیجیتاڵی، سەرمایەداریی بەردەوام خۆی نوێ کردۆتەوە و هەموو جیهانی خستووەتە ناو تۆڕێکی یەکگرتوو. ئەم گەشەیە داهێنان، زانست و خۆشگوزەرانییەکی بێ وێنەی بۆ تاقمێک مرۆڤ هێناوەتە ئاراوە، بەڵام هاوکاتیش نادادپەروەریی، داگیرکاریی، کۆیلایەتی، قەیرانی داراییی و قووڵبوونەوەی جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند و هەژاریشی لەگەڵ خۆی هێناوە.

لەبەر ئەوە، مێژووی سەرمایەداریی تەنیا مێژووی سەرکەوتنی بازاڕ نییە؛ مێژووی ململانێی هەمیشەیی نێوان سامان و دەسەڵات، ئازادیی و قازانج، داهێنان و قۆرخکاریی، هەروەها نێوان گەشە و نادادپەروەریشە. ئەو هێزەی شارەکانی دروست کرد، هەمان ئەو هێزەیە کە گەلانی ژێردەستیشی بە کۆیلە کرد. ئەوەی بازاڕی جیهانی دامەزراند، هاوکات سیستەمێکی نوێی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سامانیشی خوڵقاند.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئەم دیاردەیە، نەک وەک چیرۆکی سەرکەوتن یان شکستی سیستەمێک، بەڵکوو وەک مێژووی هێزێک کە بەردەوام لە نووسینەوەی چارەنووسی جیهانی هاوچەرخدا ڕۆڵ دەگێڕێت. تێگەیشتن لە سەرمایەداریی، تەنیا تێگەیشتن لە مێژووی ئابووری نییە؛ بەڵکوو تێگەیشتن لە جیهانێکە کە ئێمە لەناویدا دەژین، لە

ڕێگای ئەوەوە بیر دەکەینەوە و داهاتووی خۆمانی تێدا دیاریی دەکەین.

لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا، سەرمایەداریی وەک دیاردەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخوێندرێتەوە؛ دیاردەیەک کە ڕەگی لە ڕابردوودایە، بەڵام هێشتا بە هێزی خۆی دۆخی ئێستای جیهان و داهاتووی مرۆڤایەتی دیاری دەکات.

ئەو وەرگێڕانەی لە بەردەستی خوێنەرە، هەوڵێکە بۆ گواستنەوەی بیر و لێکدانەوەکانی سڤێن بێکێرت بە زمانی کوردی، بە هومێدی ئەوەی خوێنەری کورد بتوانێت بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە لە مێژووی سەرمایەداریی و کاریگەرییەکانی لەسەر جیهانی ئێمەی مرۆڤ بڕوانێت. هەروەها هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە دەستپێکێک بۆ گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.

نادر فەتحی (شوانە)، هاوینی ساڵی ٢٠٢٦، ئاڵمان

## لەسەر ئەم کتێبە

کەمتر دیاردەیەک وەک سەرمایەداریی هەبووە کە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا کاریگەرییەکی ئەوەندە قووڵی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی دانابێت. سەرمایەداریی شێوازی ژیان و کارکردنمان، شێوازی بیرکردنەوەمان لەسەر خۆمان و مرۆڤی دیکە، هەروەها شێوازی ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵگاکانمانی دیاریکردووە.

مێژوونووس سڤێن بێکێرت لەم کتێبە گەورە و گرنگەدا، مێژووی ئەم سیستەمە ئابوورییە لە چوارچێوەیەکی گەلێک فەراوانی شوێن و کاتدا دەگێڕێتەوە. ئەو، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەی کە سەرمایەداریی تەنیا بەرهەمی هەناردەکراوی ئەورووپایە، ئەم سیستەمە وەک تۆڕێکی جیهانی و پەیوەست بە یەکەوە دەبینێت. لە گێڕانەوەی ئەودا، بازرگانانی عەرەب، جۆلای هیندیی و ئەو ئەفریقییە کۆیلانەی ناچار بە بێگاریی لەسەر کێڵگەکانی شەکر لە کاریبیک "Caribbean" کراون، بە ڕادەی دەوڵەمەندانی جیهان و بانکدارانی ئەمستەردام یان پیشەسازیی ئاسنی ناوچەی زارلاند "Saarland"ی ئاڵمان بە گرینگ دادەنێ.

سڤێن بێکێرت مێژوویەکی جیهانی بۆ سەرمایەداریی، شایستەی سەدەی بیست و یەکەم، پێشکەش کردووە. سەرنجی ئەو تەنیا لەسەر ئەو گەشە زۆرە نییە کە شۆڕشی سەرمایەداریی ڕێگای بۆ خۆشکردووە، بەڵکوو لەسەر لایەنە تاریکەکانی ئەم سیستەمە ئابوورییەشە؛ وەک ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم، نایەکسانی جیهانی و چەوساندنەوە، هەروەها وێرانکردنی بنەماکانی ژیانمان لە سەردەمی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوای جیهانیدا.

بەڵام سڤێن بێکێرت تەنیا بە هەژمارکردنی قازانج و زیانەکانی سەرمایەداریی ڕازی نابێت، بەڵکوو وێنەیەکی گشتگیر لە مێژووی ئەم سیستەمە دەخاتەڕوو؛ وێنەیەک کە یارمەتیمان دەدات بە شێوەیەکی نوێ بیر لە داهاتوومان بکەینەوە.

درێژەی هەیە ...